**لەزایەڵەی تۆفانێکدا**

ئەمشەو تکام لەتەمەنی فانیم کرد
بمداتەوە دەست ڕۆژگاری ئاو!
بمکاتەوە بەسووی بانی ماڵێکی ڕابردوو
منارەی ئەم خەمە!
هەر بەڕۆح ئاو دەدرێ
و بەعیشق واڵا دەبێ
ببە فریاد ڕەسم ئەی ئەمەرگ....
ئەو دەمەی لەسنووری سەفەرتا پەساپۆرتی
ووڵتێکی بێناونیشانم پێبەخشرا
ئیدی مەرگ بێدەنگ و ژیان بێمانا
هەر خۆم و
خۆم بەدەم داڵغەی بەیانییەوە
هەنووکە مقامێکی کریستاڵی دەیەوێ دیواری فیراق ببڕی و
مشتێک لەحیکایەتی مناڵیم
بباتەوە بەردەرگای خانەقای تۆبەکارێك!
جریوەی زەمەنێك
لەگۆشەگیریم
بخزێنێتە خەوی شیعرێکمەوە
خەراباتی ئەو هەموو نهێنییەم بەسپێدەیەکی ماڵئاوایی
خۆی بەدەم خۆیەوە شەرح دەکات
زایەڵەی سەحرایەک لەبێمروەتیم
عاشقانە بەبەرگی غەریبیم مەست دەکات
جەنگێك لەچاوەڕوانیم
ئەمداتە دەست چارەنووسی نیشتمانێك لەبیرەوەری
ئەوە منم دەستی ژیان دەگرم، و
چاوەڕوانی هاتنی بەیانییەکی ڕووناکم
لەپاییزدا هەڵوەریم، و
لەبەهاردا ووشك بووم
ئیدی ژیان بێمنایە بێمانا
ببە فریاد ڕەسم ئەی ئەمەرگ....

هاوار طیب